# هەگبەی خواردنی کوردەواری

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

پرۆژەی سەنتەری هەندرێن

Handren Centre - Exclusive

## دۆین: (کەشك بەدۆ)

شەو کەشك دەکرێتە ناو ئاو بۆئەوەی تا بەیانی بخوسێتەوە (نەرم ببێتەوە)، دواتر لە ناو ئاوەکە بەدەست ورد دەکرێ و دەتاوێنرێتەوە، ئاوەکە دەپاڵێورێ و دەخرێتە سەر ئاگر بۆ ئەوەی بکوڵێ، بەزۆری پونگیشی تێدەکرێ ،لەولاشەوە کەمێك گەنمە کوتا بەجیا لە مەنجەڵێك ئاو دەخرێتە سەر ئاگر و دەکوڵێندرێ تا گەنمەکە نەرم دەبێت، دواتر گەنمە کوتا دەپارزنرێ و دەکرێتە مەنجەڵی دۆینەکە و خوێی تێدەکرێ، دوای ئەوەی بە تەواوی کولاّ، رۆنی قرچاوەی بەسەردا دەکرێت. دەتوانرێ (دۆین) لە بەهاراندا بە ماست لێبندرێ لە جیاتی کەشك. لە کوردەواریدا ئیدیۆمێك هەیە دەڵێ: ((بویتە دۆینێ بە زڕە پونگێ)).



Email: handren.centre@soran.edu.iq
Phone number: 066 264 3626

سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتوری/ زانکۆی سۆران
Handren Centre For Language and Cultural Studies-Soran University